بۆ بەرچاو میدیا و ڕاگەیاندنە کوردیەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان!

تکایە ئەگەر هەر زانیاریەکت لە بارەی ئەم کەسەوە هەیە بە زووترین کات پەیوەندی بکە بەم ژمارە تەلەفونەی خوارەوە لەگەڵ سوپاس.
زانیاریمان پێ گەیشتووە کە کەسێکی کورد لە بەریتانیا لەپاش هاتنە ناو بەریتانیا بۆ داواکردنی پەنابەری لە ڕووداوێکی نادیاردا وەفاتی کردووە و گوایە هێشتا تەرمەکەی لە خاکی بەریتانیادا ماوە و بۆ ئەو مەبەستەش یەکێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی بەریتانیا پەیوەندی بە ئێمەوە کردووە لە پێناو دۆزینەوەی کەس و کارەکەی تکایە ئەگەر هەر کەسێك بە هەر شێوەیەك زانیاری لەو بارەیەوە هەیە با پەیوەندیمان پێوەبکات بە هیوای دۆزینەوەی کەس و کاری کەسی ناوبراو.

- سەبارەت بە ناوی کەسی وەفات کردوو:
  (ڕزگار ڕەسوڵ حامد) وە یان (موحەمەد عوسمان).
- تەمەن: 24 ساڵ.
- ساڵی داواکردنی پەنابەری: مانگی 12 ی 2002 لە لەندەن.
- بەرواری وەفات کردنی: 2004/12/20
- شوێنی وەفات کردن و ناشتنی تەرمەکەی: شاری بێرمینگهام.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەش فەرموون بە کورتی چیرۆکی وەفات کردنەکەی لەم دێرانەدا:
لە ساڵی 2004 دا ناوبراو لە کاتی ئیش کردنی بۆ یەکێك لە کارخانەکانی ئەو شارە، شەوێکیان کە یەکێك لە شەوە ساردەکانی ئەو ساڵە بووە بە مردوویی لە دەرەوەی کارخانەکە دۆزراوەتەوە و پاشان لە ڕێگەی کارمەندانی شارەوانی بێرمینگهامەوە جەنازەکەی براوەتە مزگەوتی (Ox Hill) لە (Coventry Road) و پاش شوشتنی تەرمەکەی لە گۆڕستانی ( Hands worth Cemetery) نێژراوە. هەروەها پۆلیسی (West Midland) یش ئاگاداری ئەو ڕووداوەن. وەك زانراویشە هۆکاری مردنەکەی کاریگەری سەرما بووە وەك ئەوەی کە پێم وتراوە.
ئەمە هەموو ئەو زانیاریانەن کە چنگ من کەوتوون تکایە بەدواداچونی پێویست بکەن لەو بارەیەوە. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سوپاس.

براتان
هیوا بەکر
کۆمەڵەی کوردی لیدس
00447753258257
27 ی ئۆکتۆبەری 2006